گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# متمانەی هاولاتیان بە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

**م.ی سارینا برایم حسين**
بەشی ڕاگەیاندن، پەیمانگای نۆبڵی تایبەت، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان
sarinabraiem@gmail.com

**م.ی أكرم عبدالجبار عبدالله**
بەشی ڕاگەیاندن، پەیمانگای نۆبڵی تایبەت، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان
akramabduljabarsocio@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١١/٧
**پەسەندکردن:**٢٠٢٢/١/١٨
**بڵاو کردنەوە:**زستانی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*words: Important, Social trust ،Health, Health system.*
**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.19

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانین یان پێوانەکردنی متمانەی هاوڵاتیانە بە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها کام بەش یان پێکهاتەی ئەو سیستەمە متمانەی بەرزترە لەوانی دیکە، وێڕای باسکردن لە پەیوەندی پزیشکەکان بە نەخۆش، دەرمانخانە، تاقیگە و تیشکەوە. توێژەر میتۆدی وەسفی بەکرهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا پشتی بە رووپێوی ئۆنلاین بەستووە، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سێ لەسەر چواری نموونەکە واتە (75%) پێیانوایە کە ڕەوشی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هیچ کات وەك ئێستا بێبایەخ نەبووە. هەروەها رێژەیەکی زۆر بەرزی نموونەکە پێیوایە کە سیستەمی تەندروستی هەمیشە پشتیوانی لە پزیشک دەکات لەبەرامبەر نەخۆش، نزیکەی (90%) نموونەکە لەگەڵ ئەوەدان کە هەستدەکرێت وەزارەتی تەندروستی وەکو پێویست ئەرکی خۆی بەجێناهێنێت و هەروەها بە رێژەیەکی زۆر بەرزیش لەو باوەڕەدان کە هەستدەکەن پزیشکەکان زۆرتر وەك بازرگان کار دەکەن نەك وەك پیشەیەکی مرۆییانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

یەکێك لە گرینگترین ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ بایەخی پێدەدات، متمانەی کۆمەڵایەتیە. متمانەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە ناو بوارە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤدا جێگەی خۆی کردیتەوە، بەشێوەیەك کە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە بەبێ متمانەی کۆمەڵایەتی تا رادەیەکی زۆر بایەخی نیە. هەروەها بۆ مانەوە و بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی متمانەی کۆمەلایەتی گرنگیەکی زۆری هەیە. چیدی ژیانی رۆژانەی ئێمە وەک جاران نییە، بەردەوام ترس و دڵەڕاوکێمان لەگەڵە نەک تەنیا لە سیستەم، لە مرۆڤەکان و لە ژینگە، بەڵکو لەو ئاوەی دەخۆینەوە لەو کێکەی لە بازاڕی دەکڕین، لەو بەنزینەی لە ئۆتومبێلەکانمان دەکەین ... هەموو ئەو شتە سادانە دەمانخەنە گومانەوە، ترسمان لە کوالێتیان هەیە، ترسمان لە پێکهاتەیان هەیە، ترسمان لە ساختەکردنیان هەیە، هەموو ئەوەش پەیوەندی بە متمانەوە هەیە. متمانە تا ئەوپەڕی لاواز دیارە، چونکە رۆژانە شت بە چاوی خومان دەبینین، رۆژانە لەگەڵ بەنزین، دکتۆر، گلوپی رووناکی، سابوونی دەست شوشتن لێمان دەقەومێت یان چیرۆکی سەیر سەیر دەبیستین، ئەوەش کە هیچ چاودێرییەکی حکومی، هیچ خەمخورییەکی جیدی نابینین زیاتر دەترسین.

کەرتی تەندروستی یەکێکە لەو کەرتە گرنگانەی کە ئەورۆ لە هەرێمی کوردستان مشتومڕێکی زۆر هەیە لەبارەی کوالێتی دەرمان، خزمەتگوزاری تەندروستی، کارامەیی پزیشک و پەرەستارەکان و ئامێرەکانی تیشک و سۆنار و تاقیگە پزیشکییەکان. مشومڕەکە لەو رووەوە هەیە کە چەندە دەکرێ دەرمانەکان کوالێتیان هەبیت، هەروەها نرخیان، بەردەستبوونیان و شوێنی کڕین و فروشتنیان، تاقیگەکان چەندە ئەنجامێکت دەدەنێ کە جێگەی متمانەیە، دکتۆرەکان جۆن مامەڵە لەگەڵ نەخۆش دەکەن و تێڕوانینیان بۆ نەخۆش و نەخۆشی چییە؟ چەندە لە بازرگانیدان لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرمان... رەنگە یەکێک لە نیشانەکانی بێمتمانەیی بە کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لەلایەکەوە سەردانی

زۆری نەخۆشەکان بیت بۆ نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت و لەوەش دیارتر سەردانی نەخۆشەکانی بۆ لای دکتۆرەکان و نەخۆشخانەکان لە وڵاتانی ناوچەکەو وڵاتانی دیکە وەکو هیند، روسیا و وڵاتە رۆژئاواییەکان.

سیستەمی تەندروستی هەمیشە لە گەشەکردن و نوێبوونەوەی بەردەوامدایە لە جیهان، ئەویش لە رێگای کۆنفرانس و وۆرکشۆپە نێودەوڵەتییەکان و توێژینەوەی زانستی، بەڵام لە کوردستان ئەوەندی گرنگی بە چارەسەر دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە پێشکەوتنەکان و گرنگی بە خۆپارێزی نادرێت.

## گرفتی توێژینەوە

بەشێک لە توێژینەوەکان کاتێک ئەنجام دەدرێن کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەك گرفت سەیردەکرێن و پێویستی بە توێژینەوە دەبێت، گرفتی ئەم توێژینەوەش لە پرسیارێکی سەرکییەوە سەرچاوە دەگرێت: تا چەند هاولاتیان متمانەیان بە سیستەمی تەندروستی هەیە لەهەرێمی کوردستان؟ لە پاڵ ئەوەشدا تێڕوانینی هاوڵاتیان بۆ ئەو کەرتە و سیستەمی تەندروستی لە چ ئاستێك دایە؟ کوالێتی دەرمان و خزمەتگوزارییەکان چەندە جێگەی متمانەن؟ ئەم پرسیارانەی توێژەر لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە لەدوای ٢٠٠٣ بەردەوام کێشە لەم کەرتە هەبووە (بەتایبەتی کەرتی گشتی)، کە حکومەت وەکو پێویست بایەخی پێنادات، بۆیەشە تەریب لەگەڵ کەرتی گشتی کەرتی تایبەت لە نەخۆشخانە و تاقیگە و کۆمپانیاکانی دەرمان دروستبوون کە بارگرانییەکی زۆریان بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە و لە ئاستی چاوەڕوانی نەخۆشەکانیشدا نین. لە کەرتی تەندروستیدا (بەگشتی و تایبەت) کێشە زۆر دروست دەبێت و هەڵەی گەورە دەکرێت، ئەمەش وادەکات خەڵکی هەوڵبدەن تا لە توانایاندابێت سەردانی وڵاتانی دەرەوە بکەن بۆ چارەسەری.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئامانجی توێژینەوە:**

1 - دەرخستنی رێژەی متمانەی هاوڵاتیان بە سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان بە گشتی.

2 - دەرخستنی رێژەی متمانەی هاوڵاتییان بە هەر یەکێك لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە نەخۆشخانە، تاقیگە، دەرمان و پزیشکەکان.

3 - تیشکخستنە سەر تێڕوانینی هاوڵاتیان بۆ کەرتی تایبەت (تەندروستی).

**گرنگی توێژینەوە**

توێژینەوە زانستیەکان گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، ئەم گرنگی و بایەخەش پەیوەست و هەڵقوڵاوی سروشت و کاریگەریی بابەتەکەیە لەسەر خودی زانستەکە و واقعی کۆمەڵگەش هەر بۆیە بایەخی ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو، چونکە پرسی ئەم توێژینەوەی ئێمە پەیوەستە بە متمانەی هاوڵاتیان بە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کورستان. لە راستیدا گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەکرێ لە دوو ئاستا ببینین لە ئاستی یەکەمدا کە ئاستی تیۆریدا تیشك دەخاتە سەر متمانەی هاوڵاتیان و سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بەپێی سەرچاوە زانستیەکان.

لە ئاستی پراکتیکیشدا متمانەی هاوڵاتیان بە پراکتیکی تاقی دەکەوینەوەو پرسیار ئاراستە دەکەین. گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:-

1. زانینی متمانەی هاوڵاتیان بە سیستەمی تەندروستی.
2. زانیی جیاوازی ئاستی متمانەی هاوڵاتییان بە دامەزراوە و پێکهاتە جیاوازەکانی سیستەمی تەندروستی لە پزیشک، برینپێچ، دەرمان و نەخۆشخانە.
3. زانینی شێوازی کارکردنی پزیشکەکان لە پەیوەندیدا بە نەخۆش، دەرمانخانە، تاقیگە و تیشک.

## متمانەی کۆمەڵایەتی

متمانەی کۆمەڵایەتی ئامرازێکی گشتییە بۆ هاوسەنگی پەیوەندییەکان و یارمەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەدات، پێشاندانی رێز لە لایەك بۆ لایەکیتر و جێگیرکردنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە رێگای پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی متمانەی کۆمەڵایەتی، هەروەها هۆکارێکە بۆ فراهەمکردن و هاندانی تاکەکان پێکەوە بۆ دروستکردنی متمانە.

متمانەی کۆمەڵایەتی وەکو یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەو مەسەلانەی کە کۆمەڵگا نوێیەکان دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن، هەروەها بنچینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و لە ئەدەبیاتی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە چوارچێوەی رەهەندەکانی وەک متمانەی بنەڕەتی، متمانەی نێوان کەسی، متمانەی گشتێنراو و متمانەی دامەزراوەیی باس کراوە. لەم پۆلینکردنەدا دەتوانین بڵێین متمانەی نێوان کەسی زۆرتر لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا زاڵە، لە کاتێکدا متمانەی گشتێنراو و متمانەی دامەزراوەیی لە پێویستییەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانە (بهشتی و کهنسال، 2019: 262)

لە تیۆرە کۆمەڵایەتییە کلاسیکەکانیشدا متمانە چەمکێکی سەرەکی و تەوەری سەرەکی تیۆرییە کۆمەڵایەتییە نوێییەکان و زەمینەی مامەڵەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. لە راستیدا متمانە شوێنگەی تایبەتی خۆی هەیە لە روانگەی پێشڕەوانی کۆمەڵناسییەوە. دەتوانین متمانە بە گرنگترین پارادایمی بیرکردنەوەکانی کۆمەڵناسانی وەکو دورکایم و تۆنیز لەقەڵەم بدەین (معیدفر و جهانگیری، ٢٠٠٩: ٤٨).

هەر باوەرێك دەکرێ پاساوی بۆ بهێنرێتەوە ئەگەر لە رێگەی پرۆسەیەکی مەعریفی متمانەپێکراودا بەدەست هاتبێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاخۆ ئەو کەسەی کە هەڵگری ئەو باوەڕەیە لە پرۆسەی بەدەستهێنانی باوەڕەکە تێدەگات یان نا (هەمەوەند ، 2019: 180).

فۆکۆیاما پێیوایە متمانە چاوەڕوانییەکە کە لە کۆمەڵگایەکی رێکخراو و راستگۆ کە رەفتاری هاوکارانەی تێدایە پیشاندەدرێت (اسلامی و حسنی، 2018: 32). لە تێروانینی گیدێنزدا متمانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەییەکی راستەوخۆ لەگەڵ چەمکی بونیاد و دامەزراوە لەلایەك و تایبەتمەندی کۆمەڵگای مۆدێرن لەلایەکی تروە پەیوەندیدارە. بونیاد لە تێروانینی ئەو لەسەر بنەمای رێسا و سەرچاوەی دووبارە باس دەکات. لە روانگەی گیدێنزەوە متمانە بەجێهێنانی "چاوەروانیەکان"ە لەبارەی رووداوی ئەگەریدا (جریبی،2010: 3).

بەلای پارسۆنزەوە متمانە هۆکاری بەدیهێنانی یەکێتی و گونجان و سەقامگیری و سیستەمە. بە تێرِوانینی ئەو متمانە ئەو باوەڕە لە تاکەکاندا دروست دەکات کە ئەوانی دیکە بۆ گەیشتن بە پێگەیەکی گروپی دەست لە بەرژەوەندی شەخسی خۆیان هەڵدەگرن. هەروەها سیستەمی هەماهەنگ بەلای پارسۆنزەوە ئەو سیستەمەیە کە بتوانێت متمانە بە کارمەندانی بکات لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیان، کە ئەمە بۆ خۆی دەبێتە یارمەتیدەری سەقامگیری و رێکخستنی سیستەمی کەمەڵایەتی (بحری پور و رستگار، 2013: 12).

کێلمەن کە تیۆردانەرێکی گەورەی بواری سەرمایەی کۆمەڵایەتییە باس لە متمانە دەکات لە زیادبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا بە دەربرِینێکی سادەتر ئاماژەی بە ئاسانکاری کردە کۆمەڵایەتییەکان کرد. لە کۆتاییدا متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە هۆکارێکی کاریگەر لە هەماهەنگکردنی پرۆگرامەکان، هەوڵەکانی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئابووری دادەنرێن (مولایی و دیگران، 2016: 107) .

پێناسەی کارِایی بۆ متمانە: متمانە بەواتای مامەڵەکردنی بێ ترسی تاکە لەگەڵ تاک گروپ یان رێکخراو و دامەزراوەکانی دیکە هەروەها نیگەرانەبوونە لە ئاست چاوەڕوانییەکانی لە ئەوانی دیکە.

### تەندروستی

تەندروستی بە مافێکی جیهانی دادەنرێت بە تەنیشت مافی فێربوون و مافی ژیانەوە، لەبەرئەوەش بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵگا جیاوازەکان لەقەڵەم دەدرێت، بەوەی هۆکارێکە بۆ زیادبوونی بەرهەمی هێزی کار، بەوەش بە نورەی خۆی لە سەر ئاستی تاکەکەس

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەرجییەکانی خێزان کەمدەکاتەوە، لەسەر ئاستی کۆمەڵیش، خەرجییەکان لەسەر داهاتی نیشتیمانی کەمدەکاتەوە، بۆیەشە بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی هاوڵاتیان بووە بە ئامانجی هەموو دەوڵەتێک کاتێک پلانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەرێژێت، گەشەپێدان بەبێ باشکردنی بارودۆخی تەندروستی دانشتووان نایەتەدی (بن زیان و اوشن، 2010).

پێناسەکانی تەندروستی زۆرن بە قەد دامەزراوە و پسپۆرەکان، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین تەندروستی بەپێی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بریتییە لە کۆی سەرچاوە کۆمەڵایەتی، کەسێتی و جەستەییەکان کە توانای ئەوە بە مرۆڤ دەدەن بە هیواکانی بگات و پێداویستییەکانی دەستەبەربکات (رحاب، 2014، 175).

تەندروستی پێناسەکراوە بە نەبوونی نەخۆشیی رواڵەتی، پەککەوتەیی، دەرد و برین و دەکرێ بەو کەسانە بگوترێت تەندروست کە هەستیان بە نەخۆشی نەکردووە و لەکاتی پشکنیندا هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیان تێدا دیارنەکەوتووە. ویلیەم و فریزەر تەندروستی پەناسەدەکەی بەوەی تاک توانای کارکردنی هەبێت بە شێوەیەکی تەواو لە چالاکییە رۆژانەییە ئاساییەکاندا (عشور & ,العارم، 2019: 13).

بەپێی پێناسەی رێکخراوی تەندروستیی جیهانیی (WHO)، تەندوستی هەر تەنیا ئەو بارودۆخە نیە کە لە غیابی نەخۆشیدا پەیدا دەبێت، بەڵکو ئەو بارودۆخەیە کە تیایدا تاکەکەس هەست بە ئەوپەڕی ئاسوودەیی دەروونی، مێنتاڵی و کۆمەڵایەتیی دەکات (سیوەیلی، 2013: 36).

تەندروستی بەواتای زانست و هونەر پێشگیری لە نەخۆشی، زیادبوونی تەمەنی ژیان و زیادبوونی ئاستی تەندروستی لە مرۆڤدا و لە راستی کۆمەلێك رەفتار جێبەجێ دەکات کە متمانە پێکراوە بۆ پاراستنی تەندروستی و ژیانی تەندروست لە کۆمەڵگا (همتی و سادقیان،2013: 26).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسەی کارایی (ئیجرایی) بۆ تەندروستی: بەواتای پاراستن و دووربوون لە نەخۆشی هەم نەخۆشی جەستەی و هەم نەخۆشی دەروونی و توانای بەشداریکردنی تاک لە چالاکییە رۆژانەییەکان و راپەڕاندنی کارەکانی بەبێ ئەوەی هەست بە بێتوانایی بکات لە رووی جەستەیی و دەروونییەوە.

## سیستەمی تەندروستی

سیستەمی تەندروستی وەك بەشێکی گرنك لە رێکخستنی ژیانی خەڵك و پاراستنی ژیانی تاك لە نەخۆشی و شێوازی چارەسەر دادەنرێت، هەروەها چوون بەدەم نەخۆشەوە و کارکردن لەسەر ئەو سیستەمە جیهانیەی کە لەدونیایی پێشکەوتندا کاری لەسەر دەکرێت. لە ئێستادا کە سەردەمی پێشکەوتنە زانستیەکانە، سیستەمی تەندروستی لەو پەری برەو دایەو داهێنان و مامەڵە تایبەتیەکان لەگەڵ نەخۆش و ئەو جۆرە نەخۆشیانەدا دەکرێت و لەهەمان ڕوانگەی تەکنەلۆژیاوە ئەو زاستە خزمەتگوزارە بە مرۆڤایەتی دەکات و کاریگەری لەسەر گۆرینی ئەم ژیانە هەیە و بەشێکە لەتەواوی پیشکەوتنی کۆمەلگا (تۆفیق، 2011).

سیستەمی تەندروستی ئەو چوارچێوەیەیە کە لە میانەیدا پێداویستییەکانی خەڵک لە خزمەتتگوزارییە تەندروستیەکان دەزانرێن و کاردەکرێت بۆ دەستەبەرکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە لە میانەی دۆزینەوەی سەرچاوەی پێویست و بەڕێوەبردنیان لەسەر بنەماگەلێکی تەندروستی کە لە کۆتاییدا تەندروستی هاوڵاتی دەپارێزێت و بەهێزی دەکات (عدمان ، 2012: 50).

پێناسەی کاراِیی بۆ سیستەمی تەندروستی: سیستەمی تەندروستی خۆی لە تەواوی دامودەزگا تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە کە لە ژێر رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم کاروبارەکانیان رایی دەکەن لە نەخۆشخانە، بنکە تەندروستییەکان، کلینیکی پزیشکەکان، یەکەانی فریاگوزاری، دەرمان، تیشک، سۆنار، تاقیگە و مامان و برینپێچە رێگەپێدراوەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

سیستەمی تەندروستی وەك بەشێکی گرنگ لە رێکخستنی ژیانی خەڵك و پاراستنی ژیانی تاك لە نەخۆشی و شێوازی چارەسەرو چوون بەدەم نەخۆشەوە و کارکردن لەسەر ئەو سیستەمە جیهانیەی کە لە دونیایی پێشکەوتندا کاری لەسەر دەکرێت، بایەخێکی یەکجار گەورەی لە ژیانی هاوڵاتییاندا هەیە. بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستانیش سیستەمێکی تەندروستی تایبەت بەخۆی هەیە کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمەوە سەرپەرشتی دەکرێت و خۆی لە چەندین دامەزراوەی جیاجیادا دەبینێتەوە. ئەم سیستەمە جاران و ئێستاش تەنیا خۆی لە کەرتی گشتیدا نابینێتەوە، جاران کلینیکی دکتۆرەکان، تاقیگە و تیشک و سۆنار لە شارە گەورەکان بوونیان هەبوو، لە شاروچکەکانیش برینپێچ و پەرستارەکان نورینگەی پزیشکیان هەبوو، بەڵام لە دوای ٢٠٠٥ و لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی کارمەندان (پزیشک، پەرستار، برینپێچ...) لە هەرێمی کوردستان، هەروەها وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پێداویستی هاوڵاتیان بەتایبەتی دوای ئەوەی نەخۆشخانە گشتییەکان و بنکە تەندروستییەکان نەیانتوانی وەڵامدەرەوەی پێداویستی هاوڵاتیان بن، ژمارەی نەخۆشخانە تایبەتەکان، تاقیگە و سۆنار و تیشکەکان نەک لە شارە گەورەکان بەڵکو لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێم بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیان کرد، بەجۆرێک کە دەشێ بڵێین لە ئێستادا کەرتی تایبەت زیاتر لە کەرتی گشتی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە هاوڵاتییان دەکات، هەروەها خزمەتگوزاری و کوالێتی ئەو دوو کەرتە بەراوردناکرێن، وێرای ئەوەی کە رەخنەو گلەییەکی یەکجار زۆر لە کەرتی تایبەت هەیە و بارگرانییەکی زۆری بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە.

ئەوەی جێگای داخە هەرێمی کوردستان تا ئەمرۆ خاوەنی هیچ سیستەمێکی تەندروستی زانستی ئەو تۆ نییە کە باسی بکرێت و ئەوەی کە بوونی هەیە تەنها سیستەمێکی سواوی کۆنی چەندین ساڵەیە و دەکرێ بڵێین گەشەیەکی بەرچاوی لە ڕوانگەی مرۆڤایەتیەوە بەخۆوە نەدیوە. ئەو کاتەی کە خەمساردی وەزارەتی تەندروستی و تەنانەت بێ ئاگایی ئەم وەزارەتە لە سیستەمی کارەکانی نائومێدی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهاوڵاتیانی ئەم هەرێمە دەبەخشێ لە کاتێك دا بۆ سادەترین نەخۆشی هاولاتیان ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن بۆ چارەسەری. مەرگی بەردەوامی نەخۆش بەهۆی ئەو کەمتەرخەمییە لە سیستەمی تەندروستی و کە هاوڵاتییان بەهۆی سادەترین نەخۆشیەوە گیان لەدەست دەدەن لە نەشارەزایی دکتۆرەکان لە سیستەمی نوێ و زانستی پێشکەوتووی تەندروستی ( تۆفیق،2011) .

چارەسەروەرگرتن لە دەرەوە یان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان، گیرفانی زۆر کەسی کوردستانی هەڵتەکاندووە و لەرزی لە زۆریش هێناوە کە لەبەر نەبوونی و هەژاری و دواتریش ناکارایی کەرتی گشتی. خەڵکانێک لە ڕاگەیاندنەکانەوە داوای یارمەتی دەکەن بۆ چارەسەری نەخۆشەکەیان، لە کاتێکدایە بەپێی یاسا و دەستوور، سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان و عێراق بێ بەرانبەرە و پێویستە هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی خزمەتگوزاریی تەندروستی بێ بەرانبەر پێشکەش بکرێت (خالید، 2019).

کەموکورتییەکانی دەزگا تەندروستیەکان و سستی و جدی نەبوون لەو کارە مرۆڤایەتیە پیرۆزەدا کە بەرپرسیاریەتی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی وەزارەتی تەندروستی و تا ئەمرۆ ئەم وەزارەتە نەی توانیوە ئەو سیستەمە تەندروسیە جیهانیە لەم هەرێمەدا دابمەزرێنی و تەنانەت هەنگاو بنێت بۆ کارکردن لەسەری، کەواتە پارێزگاری کردن لەژیانی هاوڵاتیان بەرێژەیەکی زۆر بوونی نیە.

سیستەمی تەندروستی هەمیشە لە گەشەکردن و نوێبوونەوەی بەردەوامدایە لە جیهان، ئەویش لە ڕێگای کۆنفرانس و وۆرکشۆپە نێودەوڵەتییەکان و توێژینەوەی زانستی، بەڵام لە کوردستان ئەوەندەی گرنگی بە چارەسەر دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە خۆپارێزی نادرێت! چونکە هەر نەخۆشێک کە سەردانی پزیشک دەکات بە کۆمەڵێک داوودەرمان دەگەڕێتەوە ماڵەوە کە زۆر سوودیان نییە. هەروەها تەنها دابینکردنی خۆراک بەس نیە بۆ حکومەت، بەڵکو سەلامەتی خۆراک لە ڕووی جۆر و کوالیتی گرنگە. دەبێت ڕەچاوی هەموو بارودۆخێکی زەرووری لە میانەی پرۆسەی بەرهەمهێنان و گڵدانەوە و ئامادەکردنی خۆراک بکرێت، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابین کە خۆراکەکە باوەڕپێکراوە و تەندروست و

گونجاوە بۆ بەکارهێنانی مرۆڤەکان، یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی نەخۆشییەکان، هاتن و بەکارهێنانی ئەو بەروبوومە کشتوکاڵیانەیە کە لە ڕێگای سنوورەکانەوە دەگاتە خاکی هەرێمی کوردستان و ڕێژەیەکی زۆر هاوڵاتیانی کوردستان بەکاری دەهێنن (خۆشناو، 2018) .

ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە لە بایەخدانی بە باشترکردن و پێشخستنی تەندروستی کۆمەڵگە، ئەو بەرپرسیاریەتیەش دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی لە دانانی نەخشەرێگەو سیاسەتی باشترکردنی سیستەمی تەندروستی، بە بونیادنانەوەی سەرمایەی مرۆیی و مەعریفی و فێرکردن و دارایی و تەندروستی...هتد. ئەو پرسەی کە دەبێت لە ئێستادا بە جدی کاری لەسەر بکرێت و گرفتی هەموو خەڵکی کوردستانە، پرسی باشترکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستییە، ئەمەش بە هێنانە کایەوەی دڵنیایی و شەفافیەت و دادگەری و وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگە دێتە کایەوە. لەبەر ئەوەی بایەخدان بە تەندروستی و کۆمەڵ یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزو رایەڵە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی حکومەت ڕووبەڕووی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ببێتەوە (سورچی ، 2012: 7).

نێچیرڤان بارزانی لە 2019 کە سەرۆکی حکومەت بوو لە باسکردنی کەرتی تەندروستی گوتی سەرەڕای کێشە و سەختیەکان چ لە رێگەی حکومەت چ لە رێگەی کەرتی تایبەت خێراش نەبێت بەردەوامیەك هەبوە، لە 26 نەخۆشخانە بوەتە 76 نەخۆشخانە، 178 بنکەی تەندروستی بوەتە 267 بنکەی تەندروستی، شوێنی مانەوەی نەخۆش لە 3731 بوەتە 7805." لەبارەی زیادبونی هۆڵی نەشتەرگەری لە هەرێمی کوردستان بارزانی وتی، "لە 45 هۆڵی نەشتەرگەری بوەتە 252 هۆڵ، ژمارەی پزیشك لە 826 بۆ شەش هەزار و 814 پزیشک بەرزبوەتەوە، دەرمانخانەکان لە 28 دەرمانخانە بونەتە هەزار و 236 دەرمانخانە" (قادر، 2019).

هەرچەندە ئابووری و تەندروستی دوو بواری جیاوازی ژیانی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، بەڵام پەیوەندی ئۆرگانیکی و بەتین لەنێوانیاندا هەیە. دیارە خۆراك تەندروستی بنیاد دەنێت و تەندروستیش مرۆڤی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاراوبەرهەمهێن دێنێتە مەیدانی چالاکی ئابووری. لە ئەنجامی ئەمەدا دەبینین هۆکارەکانی پەیدابوونی تەنگژە ئابووری و تەندروستیەکان هەندێ جار هاوبەش و جارجارەش دەرەئەنجامی یەکترن. هۆکاریتری باڕاستەوخۆش هەبوون کە ڕێگا خۆشکەربوون بۆ کەوتنەوەی ئەم تەنگژە و کارەساتانە یان یارمەتی تەشەنەکردنی قەیران و تەنگژەکانیان دەدا. بەتایبەتی تەنگژە تەندروستیەکان، یەکێ لەم هۆکارانە پەیوەندی بەشێوازی ژیان و هەڵومەرجی گوزەرانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەوسەردەمەوە هەبوو، بەڵام دەتوانین ناوی بنێین نزمی هۆشیاری تەندروستی (توفیق، 2009: 88). هۆکارێکی دیکە دەتوانین بڵێین خراپی باردۆخی تەندروستی دەگەرێتەوە بۆ کەمی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان لە کوردستاندا بە بەراورد کردن لەگەڵ ناوچەکانی دیکە. دەکرێ بڵێین ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕێگر دەبێ لەبەردەم چارەسەرکردنی نەخۆشی بەشێوەیەکی باشتر، لەهەمان کاتدا دەشبێتە هۆی زۆرتر بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانیش، خراپی باردۆخی دارایی و ئابووری هۆکارێکی ترە ( پیرداود، 2007: 112). هەروەها دەربارەی کێشەکانی بواری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان کۆمەلێك گرفتی سەرەکی هەیە دەکرێ لێرە ئاماژەی پێبکەین تاوەکو ئێستا لە کوردستان بیمەی تەندروستی نیە، کە سیستەمێکی جیهانییە و سەرکەوتووە، ئەگەر لەکوردستان پەیڕەوبکرێت بەشێکی زۆری کێشەکانی نێوان خەڵک و حکومەت چارەسەر دەبێت. لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا لەهەرێمی کوردستان کارمەندان لەکەرتی گشتی و لەکەرتی تایبەت کاردەکەن، لەکاتێکدا لەهەمووجیهاندا کارکردن لەم دوو کەرتەدا جیاوازە. دەرمان و پێداویستی تەندروستی وەک پێویست لەحکومەتی ناوەندی عێراقەوە ناگاتە هەرێمی کوردستان. بەهۆی ڕووداوە سیاسیەکانی عێراقەوە ژمارەیەکی زۆر لەئاوارەکانی عەرەب ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردوە، لەڕووی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە ئەمە بۆتە کێشە و گرفت بۆ هەرێم ( سەمەد،2014) .

## دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەشی سێیەم: چوارچێوەی تێوری کارپاییە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

### مێتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە توێژینەوەیەکی وەسفیە، چونکە لە هەوڵی وەسفکردنێکی بابەتی، واقیعانە و ڕێکخراوی تایبەتمەندییەکانی حالەتێک یان بابەتێکدایە (نادری و نراقی، 2004: 70). هەر توێژەرێك بۆ ئەوەی بتوانێ توێژینەوە لەسەر دیاردە یا گرفتێکی دیاریکراو بکات، پێویستی بە دیاریکردنی میتۆدێك یان چەند میتۆدێکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی لە توێژینەوەکەیدا، لەبەر ئەوەی ڕێبازی توێژینەوە بریتیە لەو ڕێگەو کەرەستە زانستیەی کە توێژەر لەکاتی توێژینەوە بەکاری دەهێنی ، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و دەرئەنجامێکی زانستی دیاریکراو (الاخرس، 1983: 56).

ئەو جۆرە میتۆدەی بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییەکە بەیەکێك لە میتۆدە سەرەکییەکان دادەنرێت (عطومی،2000: 183)، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو سوودی لێوەردەگیرێت و بەهۆی داخوازییە زۆر و زەبەندەکانی هاوڵاتیان و ناچارکردنی حکومەتەکان بۆ وەڵامدانەوە لە بەرامبەر خواستەکانیان، بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لە زیادبووندایە (فرانکفورد و نچمیاس، 2002: 349).

هەروەها ئەو میتۆدە بریتیە لە توێژینەوەی زانستی بۆ باردۆخی کۆمەڵگا و پێداویستیەکان بە مەبەستی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی (ئەبراش، 2013: 243).

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە**

کۆمەڵگای توێژینەوە، هەموو ئەو تاکانەن کە بڕیارە ئەنجامەکانی نموونە وەرگرتن بەسەریاندا بگشتێنن. بۆیە هەر یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا کە بڕیارە تایبەتمەندیەکانیان بپێورێن بە یەکە سەرەتاییەکان یان رەگەزەکانی کۆمەڵگا ناو دەبرێن (لوی و لمی شو، 2004: 14).

کۆمەڵگای توێژینەوە هەموو تاکەکان یان کەسەکان یاخود شتەکان دەگرێتەوە کەبابەتی گرفتی توێژینەوە پێکدێنێ (الزیباری، 2011: 117). دوای دیاریکردنی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە، پێویست دەکات توێژەر کۆمەڵگای توێژینەوە پێناسە بکات، وێڕای ئەوەی کە گۆڕاوەکانی ماوەی توێژینەوە، قەبارەی توێژینەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر بەوردی دیاریکردنی سنووری کۆمەڵگای توێژینەوە و هەر کاتێک کۆمەڵگای توێژینەوە دیاریکرا، ئەو کات هەست بە پێویستی نموونە وەرگرتن دەکرێت ( طالب ،2001: 98).

کۆمەڵگای توێژینەوەی ئێمەش هەموو ئەو توێژە جیاوازانە دەگرێتەوە لە هەرێمی کوردستان ، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەو توێژە جیاوازە تایبەتمەندیگەلێکی هاوبەش و جیاوازیان هەیە. بۆیە هەوڵدراوە (230) کەس بە نموونە وەربگیردرێت بەشێوەیەکی ئۆنلاین.

**نموونەی توێژینەوەکە**

ئامانجی هەموو توێژەرێك گەیشتنە بە راستیەکان لەو کۆمەڵگایەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکات، ئەمەش لە رێگەی دەست نیشان کردنی گروپێك کە نوێنەرایەتی ئەو راستیانەی کۆمەڵگاکە بکات، ئەمە ناودەبرێت بە نموونەی توێژینەوە.( العفربی، 2006: 139).

هەڵبژاردنی نموونە بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە کە دەرنجامی سەرەکی توێژینەوەیە. دیارە ( لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەییەکی مەیدانی زۆر سەختە توێژەر بتوانێت گشت ئەندامانی کۆمەڵگا دیراسە بکات ، لەبەر ئەوەی ئەم کارە پێویستی بە کات و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماندووبوونێکی زۆر دەبێت کە رەنگە بە ئاسانی بۆی دەستەبەر نەکرێت، لەبەر ئەوە توێژەران دەستتەیەك یان گروپێك لە خەڵکی نێو کۆمەڵگاکە هەڵدەبژێرن و دیراسەکەی لەسەر ئەنجام دەدەن (عبدالله، 2005 : 210).

بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی رووپێوێک دەتوانین سوود لە تەکنیکی جیاواز وەرگرین، دەتوانین بە هۆی سەرنجدان، چاوپێکەوتنی قووڵ، راڤەی ناوەڕۆک، پرسیارنامە یان تەکنیکی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاری. وێڕای ئەوە پرسیارنامە کاریگەرترین تەکنیکە. پرسیارنامە تەکنیکی زۆر بونیاتمەندە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری (دواس،2005: 87).

## بەشی چوارەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکان

### باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیاریە گشتیەکان

| گۆڕاو | | دووبارەبووەکان | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 102 | 44 |
| | مێ | 128 | 56 |
| | | | |
| | 14 - 19 | 21 | 9 |
| | 20 - 24 | 49 | 21 |
| | 25 - 29 | 78 | 34 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 25 | 56 | 30 - 34 | |
| 5 | 11 | 35 - 39 | |
| 4 | 10 | 41- 49 | |
| 2 | 5 | 50 -63 | تەمەن |
| | | | |
| 11 | 24 | مامۆستا | |
| 23 | 53 | فەرمانبەر | |
| 7 | 14 | کاسب | |
| 3 | 7 | پزیشك | |
| 4 | 9 | توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی | |
| 5 | 12 | ژنی ماڵەوە | پیشە |
| 2 | 5 | پێشمەرگە | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | دیار نییە | 3 | 1 |
| | قوتابی | 57 | 25 |
| | رۆژنامەنووس | 4 | 2 |
| | ئەندازیار | 3 | 1 |
| | بێ کار | 33 | 14 |
| | پارێزەر | 6 | 3 |
| | | | |
| | خوێندن و نووسین | 1 | 1 |
| | سەرەتایی | 5 | 2 |
| | ئامادەیی | 28 | 12 |
| ئاستی خوێندن | پەیمانگا | 35 | 15 |
| | کۆلێژ | 139 | 60 |
| | خوێندنی باڵا | 22 | 10 |
| | | | |
| | باش | 76 | 33 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| باری ئابووری | ناوەند | 148 | 64 |
| | خراپ | 6 | 3 |
| | کۆی گشتی | 230 | *100 |

وەك لە خشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت نموونەی توێژینەوەکە لە هەردوو ڕەگەز پێکهاتووە، زۆرینەی نموونەکە لە رەگەزی مێن (%٥٦ ) نموونەکە پێکدێنی، ڕەگەزی نێر تەنیا ڕێژەیان (%٤٤ ) نموونەکەیە.

سەبارەت بە تەمەن دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی نموونەکە کە دەکاتە (%٣٤)، تەمەنیان لە نێوان ٢٥-٢٩ ساڵیدایە، دوای ئەویش، ئەوانە دێن کە تەمەنیان لە نێوان ٣٠-٣٤ ساڵیدایە بە ڕێژەی (%٢٥ )، نموونەکە بە ڕێژەی (%٩) تەمەنیان لە نێوان ١٤-١٩ ساڵە و ڕێژەی (%٢١) نموونەکەش تەمەنیان لە نێوان ٢٠-٢٤ ساڵیدایە، ڕێژەی (%٥) تەمنیان لە نێوان ٣٥-٣٩ ساڵیدایە و ڕێژەی (%٤) تەمنیان لە نێوان ٤١-٤٩ ساڵیدایە، کەمترین ڕێژەی ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٥٠ - ٦٣ ساڵیدایە تەنیا (%٢) پێکدێنێ.

سەبارەت بە پیشە دەردەکەوێت زۆرینەی نموونەکە بە ڕێژەی (%٢٥) قوتابین، هەروەها بە ڕێژەی (%٢٣) ئەندامانی نموونەکە پیشەیان فەرمانبەرە، هەروەها ڕێژەی (%١١) پیشەیان مامۆستایە، هەروەها ڕێژەی (%١٤) نموونەکە بێکارن، ڕێژەی (%٧) پیشەیان کاسبکاریە. ژنی ماڵەوە ڕێژەی (%٥) نموونەکە پێکدێنێ، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی بە ڕێژەی (%٤) نموونەکە پێکدەهێنن، پێشمەرگەو ڕۆژنامەنووس هەردووکیان (%٤) نموونەکە پێکدێنن، پزیشك و پارێزەریش بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەردووکیانەوە بە ڕێژەی (٦%) پێکدێنن، کەمترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە ئەندازیارە کە (١%) پێکدێت و لەگەڵ دیار نییە بە ڕێژەی (١%).

سەبارەت بە ئاستی خوێندن دەردەکەوێت زۆرینە بە ڕێژەی (٦٠%) ئەندامانی نموونەکە ئاستی خوێندەواریان دەرچوو و قوتابی کۆلێژەکانن، ڕێژەی (١٥%) لە پەیمانگاکان دەخوێنن، بە ڕێژەی (١٢%) ئامادەیی، هەروەها بە ڕێژەی (١٠%) ئەندامانی توێژینەوەکە خوێندنی باڵان، کەمترین ڕێژەی ئەوانەن کە خوێندن و نووسین و سەرەتایی بە هەردووکیان (٣%) نموونەی توێژینەوەکە پێکدێنن.

سەبارەت بە باری ئابووری دەردەکەوێت ڕێژەی بەرز ئەوانەن کەوا باری ئابووریان مام ناوەندە کە دەکاتە (٦٤%)، ئەوانەش کە باری ئابووریان باشە ڕێژەیەکی بەرزن کە دەکاتە (٣٣%). ئەو (٣%) کە دەمێنێتەوە ئەوانن کە باری ئابووریان خراپە.

## باسی دووەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتەکان

### وێنەی (١) ڕەوشی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هیچ کات وەك ئێستا بێبایەخ نەبووە



وێنەی ژمارە (١) کە تایبەتە بەوەی کە پێموایە ڕەوشی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هیچ کات وەك ئێستا بێبایەخ نەبووە دەردەکەوێت ڕێژەیەکی بەرز (٣٨%) ئەوانەن کە لەگەڵێدان، ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵێدان ڕێژەیان دەکاتە (٣٧%) واتا هەردووکیان پێکەوە ڕێژەیان دەکاتە (٧٥%) ئەوەش ئەمە دەگەینێت کە زۆرینەی نموونەکە لەو باوەڕەدان ڕەوشی تەندروستی هەرێمی کوردستان هیچ کات وەك ئێستا بێبایەخ نەبووە، ئەوانەی لەگەڵێدا نین (١٥%) و ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵێدا نین (١٠%).

کاتێك سەردانی نەخۆشخانە یان تاقیگە حکومییەکان دەکەین، زۆر هەست بە بێهیوایی دەکەین، چونکە زۆرجار یان پزیشك و برینپێچەکان ئامادە نین، یان داو و دەرمان لە دەرمانخانەی نەخۆشخانە نییە، یان ئامێری تیشك تێکچووە. هەروەها کوالێتی بینایە و کەرەستەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدان. هەموو ئەوە وادەکات هەست بکەین کە کەرتی تەندروستی زۆر بێبایەخە.

**وێنەی (٢) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان نەخۆشن**



وێنەی ژمارە (٢) کە تایبەتە بەوەی هەست ناکەم هیچ کات هێندەی ئێستا خەڵك لە کوردستان نەخۆش بوو بێت، دەردەکەوێت کە رێژەی بەرزی نموونەکە ئەوانەن کە بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدان کە خەڵکی کوردستان زۆرینەی نەخۆشن بەرێژەی (%٥٢)، ئەوانەش کە لەگەڵیدان رێژەیان (%٣٨)، واتە هەردوو رێژەکە دەکاتە ٩٠% نموونەکە، کە رێژەیەکی یەکجار بەرزە. ئەوانەش لەگەڵیدا نین رێژەیان (%٥) و ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدانین دەکاتە (%٥).

کاتێك باسی نەخۆشبوون دەکرێت، خەڵکی هەرێم هەموویان پێیانوایە جاران خەڵکی بەم رێژە زۆرە نەخۆش نەدەکەوتن، تەنانەت کۆمەڵێك نەخۆشی سەریانهەڵداوە کە خەڵکێکی زۆر پێیان ئاشنا نین. جگە لەوە رۆژ لە دوای رۆژ نەخۆشییەانی وەك شەکرە، چەوری، گوشاری خوێن لە زیادبووندان. ئەمە وادەکات هەست بکەین هەموو خەڵکی نەخۆشە.

**وێنەی(٣) بۆ باشکردنی سیستەمی تەندروستی پێویست دەکات بایەخ بەخواردنی تەندروست بدرێت**




وێنەی ژمارە (٣) ئەوە رووندەکاتەوە پێموایە بۆ باشتکردنی سیستەمی تەندروستی پێویست دەکات بایەخ بە خواردنی تەندروست بدرێت، دەردەکەوێت کە نموونەکە بە رێژەی (%٦١) بەتەواوی لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەدان و (٣٦%) لەگەڵیدان. ئەوانەش کە لەگەڵیدانین و بەتەواوی لەگەڵیدانین پێکەوە (٣%) نموونەکە پێکدەهێنن.

خەڵکی پێیانوایە بۆیە جاران خەڵك کەم نەخۆش دەکەوت چونکە خواردنی تەندروستیان دەخوارد، خەڵکی لە ئێستادا بڕوایان بەو کەرەستە خوراکییانەی ئێستا نییە لە روون، ئاوی تەماتە، خواردنی قوتوکراو... هەروەها خواردنە خێراکان (پیتزا، بەرگەر، شاورما...) زۆر بەکاردەبرێن کە بە روونی دووبارە و نەکوڵاوی ئامادەدەکرێن و زیانبەخشن.

**وێنەی(٤) ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە کە نەهێڵێت خۆراکی ئێکسپایەر بە خەڵك بفرۆشرێت.**




وێنەی ژمارە (٤) کە تایبەتە بەوەی کە خواردنی تەندروست بە پلەی یەکەم ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە کە نەهێڵێت خۆراکی ئێکسپایەر بە خەڵك بفرۆشرێت دەردەکەوێت کە رێژەیەکی بەرزی نموونەکە بە تەواوی لەگەڵ ئەوەدان نەهێڵێت خۆراکی ئێکسپایەر بە خەڵك بفروشرێت بەرێژەی (٧٣%)، ئەوانەش کە لەگەڵیدان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێژەیان دەکاتە (٢٢%)، کەمترین ڕێژە یی ئەوانەش کە لەگەڵیدانین دەکاتە (٣%) و ئەوانەش بەتەواوی لەگەڵیدانین ڕێژەی (٢%).

ئەوەی تێبینی دەکرێت چەند جارێك لە راگەیاندنەکان باس لەوە کراوە کە هەندێك کۆمپانیا یان مارکێت و دوکان خواردنی ئێکسپایەر بە هاوڵاتییان دەفروشن، ئەوان پەنا دەبەنە بەر ساختەکردنی رێکەوتی بەسەرچوون و فێلی دیکە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی بۆ سەر تەندروستی هاوڵاتییان هەیە، بۆیە ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە، زۆرتر بایەخ بەوە بدات، چونکە خۆپارێزی باشترە لە چارەسەری وەك ئەوەی پزیشکەکان خۆیان دەڵێن.

**وێنەی (٥) ڕووندەکاتەوە کە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر هەست بە بازرگانیکردن لە کەرتی تەندروستیدا دەکرێت.**




وێنەی ژمارە (٥) کە تایبەتە بەوەی ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر هەست بە بازرگانیکردن لە کەرتی تەندروستیدا دەکرێت دەردەکەوێت ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدان بە ڕێژەیی (٦١%) و ئەوانەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە لەگەڵیدان دەکاتە (٣٢%) واتا بە هەردووکیان ڕێژەیان دەکاتە (٩٣%)، و ئەوانەش کە لەگەڵیدانین ڕێژەی (٥%) و ئەوانەش بەتەواوی لەگەڵیدانین دەکاتە (٢%).

ئەو ڕێژە بەرزەی سەرەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەوا بەردەوام ژمارەی دەرمانخانەکان لە سەر شەقامەکان، نەخۆشخانە تایبەتەکان، کلینیکەکانی سۆنار و تاقیگەکان لە زیادبووندان. هەروەها ئەوەی کە پزیشکەکان لە نەخۆشخانە گشتییەکان بایەخ بە نەخۆشەکان نادەن و پێیان دەڵێن وەرنە کلینیکە تایبەتەکان، بەشێکیش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە نەخۆش هەست دەکات داو دەرمانی زیادی پێدەدرێت و پشکنینی نەخۆشی زیاتری بۆ دەکرێت کاتێك سەردانی پزیشك دەکەن.

**وێنەی (٦) زۆربوونی بەخۆشخانەو دەرمانخانە**




وێنەی ژمارە (٦) هەموو شوێنێکی کوردستان بووە بە نەخۆشخانەو دەرمانخانە دەردەکەوێت ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵیدان بەرێژەی (٤٤%) و ئەوانەش بە لەگەڵیدان ڕێژەیان دەکاتە (٣٣%)، ئەوانەش کە لەگەڵ نین ڕێژەی (١٦%) و ئەوانەش بەتەواوی لەگەڵیدانین دەکاتە (٧%) .

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە راستیدا بە گەڕانێکی خێرا بە ناو هەر شەقامێکی شاردا تابلۆی دەرمانخانە یان کلینیکێکی دکتۆر یان نەخۆشخانەیەکی ئەهلی یان سەنترێکی ددان یان جوانکاری هەیە. ئەوەش وادەکات خەڵکی ئەو تێڕوانینەیان بۆ دروست ببێت کە هەست بکەن هەموو شوێنێکی شار بووە بە نەخۆشخانە و دەرمانخانە.

**وێنەی (٧) هەستناکەم هیچ چاودێرییەك لەسەر دەرمان هەبێت لە کوردستان.**




وێنەی ژمارە (٧) کە تایبەتە بەوەی هەستناکەم هیچ چاودێرییەك لەسەر دەرمان هەبێت لە کوردستان دەردەکەوێت کە بەرێژەیەکی بەرزی نموونەکە لەگەڵیدان رێژەی (٣٩%) و بەتەواوی لەگەڵیدان کە بە رێژەی (٣٨%) واتا هەردووکیان رێژەیان دەکاتە نزدیکەی (٨٠%) ، ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدانین دەکاتە (٧%) ، و ئەوانەش لەگەڵیدانین رێژیان (١٦%).

ئەو رێژە بەرزە کە ئەو بۆچوونەیان هەیە رەنگە بەشێکی زۆری بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەوا دەبینن زۆرجار داو و دەرمان بەکاردەهێنن، بەڵام کاریگەرییان نییە، یان بۆ هەر دەرمانخانەیەك دەچی لە یەك جۆر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرمان زۆر جۆری هەیە لە کۆمپانیای جیاوازەوە، زۆرجاریش دەرمانەکان بەسەردەچن، بۆیە خەڵکی هەستدەکات وەزارەتی تەندروستی چاودێرێکی باش نییە.

**وێنەی (٨) ئەوە رووندەکاتەوە کە پزیشکەکان زۆرتر وەك بازرگان کار دەکەن.**




وێنەی ژمارە (٨) کە تایبەتە بەوەی هەستدەکەم پزیشکەکان زۆرتر وەك بازرگان کار دەکەن نەك وەك پیشەیەکی مرۆییانە دەردەکەوێت کە رێژەی بەرزی نموونەکە بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدان کە پزیشکەکان وەك بازرگان کاردەکەن کە بەرێژەی (%٥٨) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدان دەکاتە (%٣١)، ئەوانەش کە لەگەڵیدا دانین رێژەیان (%٥) و ئەوانەش بەتەواوی لەگەڵیدا نین دەکاتە (%٦).

لە چۆنیەتی مامەڵەی پزیشکەکان لە گەڵ نەخۆش و سەوداکردن لەسەر نرخی نەشتەرگەرییەکان و بایەخنەدانی پزیشکەکان بە نەخۆش و خەرجکردنی پارەی زۆر پێیان ئەو تێڕوانینە بۆ خەڵك دروست دەبێت، کە کەرتی تەندروستی بووە بە کەرتێك بۆ پارە پەیداکردن و کەمتر وەزیفە مرۆییەکەی جێبەجێ دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێنەی (٩) زۆرینەی هاوڵاتیان لەگەڵ ئەوەدان کە نەخۆشخانە حکومیەکان فەرامۆش.**




وێنەی ژمارە (٩) کە تایبەتە بەوەی کە نەخۆشخانە حکومیەکان لە هەموو کات زیاتر فەرامۆشکراون و بێ خزمەتن دەردەکەوێت کە رێژەی بەرزی نموونەکە بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدان نەخۆشخانە حکومیەکان فەرامۆ شکراون بە رێژەی (٦١%) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدان رێژەیان دەکاتە (٣٠%) واتە بەرهەردووکیان رێژەی (٩١%) ئەوەش نموونەیەکی بەرزە ، ئەوانەش کە لەگەڵیدانین و ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدا نین رێژەی (٩%) پێکدەێت.

هەر ئەوەی کە خەڵکی زۆر ئەو بار قورسییە قبوڵ دەکەن کە سەردانی نەخۆشخانەی تایبەت بکەن و کەمتر بچنە نەخۆشخانە گشتییەکان نیشانەی ئەوەیە کە نەخۆشخانە حکومییەکان ئەو بایەخەیان پێنادرێت. هەروەها لە رووکاری دەرەوەی نەخۆشخانە حکومییەکانەوە بگرە تا دەکاتە کەرەستە پزیشکییەکان و تەخت و مێز و کورسییە کۆن و شکاوەکان، هەمووی نیشانەی فەرامۆشکردنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێنەی (١٠) گرینگینە دان بە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ ئەوەیە خەڵك پارە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان خەرج بکەن.**




وێنەی ژمارە (١٠) کە تایبەتە بەوەی کە خزمەتنەکردن بە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ ئەوەیە خەڵك پارە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان خەرج بکەن ، دەردەکەوێت کە زۆربەی خەڵك بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدان کە پارە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان خەرج بکەن کە بەرێژەی (%٥٦) ، ئەوانەش لەگەڵیدان دەکاتە (%٣٥) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدا نین رێژەیان دەکاتە (%٧) ، ئەوانەش بەتەواوی لەگەڵیدا نین رێژەیان (%٢).

خەڵکی بروایەکی وایان بۆ دروست بووە، کە ئەوە تەنیا پزیشکەکان و پەرستارەکان نین کە کار دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر سەردانی نەخۆشخانە تایبەتەکان بکەن، بەڵکو پێیانوایە وەزارەتی تەندروستی خۆی و خەڵکانێکی دەسترۆیشتوو لە حکومەت و دامودەزگایەکانی دیکەش بەوەی پشکیان لە کەرتی تایبەتی تەندروستیدا هەیە یارمەتیدەری ئەوەن کە نەخۆشخانە حکومییەکان کوالێتیان نەبێت.

**وێنەی (١١) ئەوانەی لە کەرتی تەندروستیدا کاردەکەن وەك باند وان، هەموویان شەریکایەتیان لە نێوانیاندا هەیە.**




وێنەی ژمارە (١١) تایبەتە بەوەی کە هەست دەکرێت ئەوانەی لە کەرتی تەندروستیدا کاردەکەن وەك باند وان، هەموویان شەریکایەتیان لە نێوانیاندا هەیە دەردەکەوێت کە رێژەی بەرزی نموونەکە بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدان کە بەرێژەی (%٤٧) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدان دەکاتە (%٣٦) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدا نین بە رێژەی (%١٣) و ئەوانەش کە بەتەووی لەگەڵیدا نین رێژەیان (%٤).

ئەوەی کە پزیشك رێنمایی نەخۆش دەکات لە فلانە دەرمانخانە دەرمان وەرگرێت یان لە فلانە تاقیگە پشکنینەکان بکات گومانی دەستتێکەڵکردنی پزیشك لەگەڵ دەرمانخانە و کلینیکەکانی سۆنار و تاقیگەکان لای هاوڵاتییان دروست دەبێت. جگە لەوە کۆمپانیاکانی شیری منداڵان و دەرمان باس لە پەیوەندییە ناتەندروستەکانیان لەگەڵ پزیشکەکان دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێنەی (١٢) پزیشك پەیوەندی لەگەڵ دەرمانخانە، سۆنار و تاقیگە هەیە.**




وێنەی ژمارە (١٢) کە تایبەتە بەوەی کە پزیشك پەیوەندی لەگەڵ دەرمانخانە، سۆنار و تاقیگە هەیە و نەخۆش ناچاردەکات سەردانی ئەوانە بکات کە ئەو دەیەوێت دەردەکەوێت بە رێژەی (%٤٤) ئەوانەن کە بەتەواوی لەگەڵیدان ، و ئەوانەش کە لەگەڵیدان بەرێژەی (%٢٧) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدا نین بە رێژەی (%٢٦) ، ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدا نین دەکاتە (%٣).

**وێنەی (١٣) هەست دەکرێت پزیشکەکان نەخۆش ناچار دەکەن بۆ نەشتەریرگەرییان بۆ ئەوەی پارەیەکی زیاتریان دەستکەوێت.**



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی ژمارە (١٣) کە تایبەتە بەوەی کە زۆرجار هەست دەکرێت پزیشکەکان نەخۆش ناچار دەکەن بۆ نەشتەرگەرییان بۆ ئەوەی پارەیەکی زیاتریان دەستکەوێت دەردەکەوێت کە ئەوانەی لەگەڵیدان پزیشکەکان نەخۆش ناچاردەکەن بە رێگەی (%٤١) ، ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدان دەکاتە (%٤٠) ، ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدا نین رێژەیان (%٦) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدا نین رێژەیان دەکاتە (%١٣) .

**وێنەی (١٤) خەڵکی متمانەیان بە سیستەمی تەندروستی کوردستان نییە.**




وێنەی ژمارە (١٤) کە تایبەتە بەوەی کە ئەوەی کە خەڵك سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکات بۆ نەخۆشی نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی متمانەیان بە سیستەمی تەندروستی کوردستان نییە دەردەکەوێت ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵیدان بەرێژەی بەرزی نموونەکە خەڵك متمانەی بە سیستەمی کوردستان نیە رێژەیان دەکاتە (%٦٩) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدان بە رێژەی (%٢٦) پێکدێت. ئەوانەش کە لەگەڵیدا

نین ڕێژەیان (٣%) و ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدا نین دەکاتە (٢%) واتا بە هەردووکیان ڕێژەیان دەکاتە (٥%) ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە لە نموونەکە.

**وێنەی (١٥) ئەوەروندەکاتەوە وەزارەتی تەندروستی وەکو پێویست ئەرکی خۆی بەجێناهێنێت .**




وێنەی ژمارە (١٥) کە تایبەتە بەوەی کە هەستدەکرێت وەزارەتی تەندروستی وەکو پێویست ئەرکی خۆی بەجێناهێنێت دەردەکەوێت ڕێژەی بەرزی نموونەکە بەتەواوی لەگەڵیدان کە دەکاتە (٤٨%) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدان ڕێژەیان (٤١%) . ئەوانەش کە لەگەڵیدا نین بە ڕێژەی (٧%) ، ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدا نین بە ڕێژەیەکی کەمی نموونەکە پێك دێت کە دەکاتە (٤%).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێنەی (١٦) هەمیشە وەزارەت و دامودەزگاکان لایەنگری پزیشك دەکەن نەك نەخۆش.**




وێنەی ژمارە (١٦) کە تایبەتە بەوەی کە هەمیشە وەزارەت و دامودەزگاکان لایەنگری پزیشك دەکەن نەك نەخۆش دەردەکەوێت رێژەی بەرزی نموونەکە بەتەواوی لەگەڵیدان کە بەرێژی (٤٩%) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدان رێژەیان دەکاتە (٣٧%) ، ئەوانەش کە لەگەڵیدا نین دەکاتە (١١%) و ئەوانەش کە بەتەواوی لەگەڵیدا نین بە رێژەی (٣%) .

کەواتە لێرەدا دەتوانێم بڵێم سەبارەت بە متمانەی هاوڵاتیان سەبارەت بە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لاوازە ئەمەش وای کرددوە هاولاتیان ئەو متمانەیە لە دەست بدەن . سەبارەت بە سیستەمی تەندروستی و نەبوونی متمانە بە پزیشەکەکان و تەنانەت دەتوانێم بڵێم بە حکومەتیش، چونکە ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە وای کردووە هاوڵاتیان متمانەیان نەبێت بە سیستەمی تەندروستی، لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی پزیشکەکان یاخود نەبوونی ئامێری باش و نەبوونی کوڵێتی باش هەم لە دەرمانەکان و هەم لە سیستەمی تەندروستی بە گشتی. هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر سیستەمی تەندروستی زۆر سست ولاوازە، بۆیە ئەگەر بکرێت بۆ بەرەو پێشبردنی سیستەمی تەندروستی دەبێت یەکەمجار بیمەی تەندروستی بۆ هاوڵاتیان دابین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکرێت و حکومەت چاکسازی لە هەموو دامودەزگایەکان بکات و زیاتر پشتگیری لە سیستەمی تەندروستی بکرێت کە چیتر تاکەکان ئەو متمانەیە لەدەست نەدەن و هانا نەبەنە بەر وڵاتانیتر بۆ چارەسەری نەخۆشی.

**بەشی پێنجەم ئەنجامەکانی توێژینەوە**

1 - دەرکەوت ٧٥% نموونەکە لە باوەڕەدان کە رەوشی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هیچ کات وەک ئێستا بێبایەخ نەبووە.

2 - نموونەیەکی بەرزی توێژینەوەکە کە دەکاتە ٩٠% لەگەڵ ئەوەدان هەست ناکەن کە هیچ کات هێندی ئێستا خەڵك لە هەرێمی کوردستان نەخۆش بوو بێت.

3 - سەبارەت بەوەی کە هەمیشە وەزارەت و دامودەزگاکان لایەنگری پزیشك دەکەن نەك نەخۆش دەرکەوت ٨٦% نموونەکە لەگەڵ ئەوەدان هەروەها رێژەیەکی بەرزی نموونەکە کە دەکاتە ٨٩% لەگەڵ ئەوەدان کە هەستدەکرێت وەزارەتی تەندروستی وەکو پێویست ئەرکی خۆی بەجێناهێنێت و رێژەیەکی کەم لەگەڵ ئەوەدانین کە دەکاتە ١١%.

4 - سەبارت بەوەی کە ئایا کاتێک خەڵك سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکات بۆ نەخۆشی نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی متمانەیان بە سیستەمی تەندروستی کوردستان نییە ،دەرکەوت ٩٥% نمووەکە لەگەڵ ئەوەدان، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هاوڵاتیان متمانەیان بە سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان نیە.

5 - دەرکەوت ٨١% نموونەکە لەو باوەڕەدان زۆرجار هەست دەکرێت پزیشکەکان نەخۆش ناچار دەکەن بۆ نەشتەرگەری بۆ ئەوەی پارەیەکی زیاتریان دەستکەوێت لە نەشتەرگەرییان هەروەها خزمەتنەکردن بە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ ئەوەیە خەڵك پارە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان خەرج بکەن دەرکەوت ٩١% هاوڵاتیان لەگەڵ ئەو رایەدان. زیاد لەوەش نموونەکە بە رێژەی ٨٣% دەڵێن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەست دەکرێت ئەوانەی لە کەرتی تەندروستیدا کاردەکەن وەك باند وان، هەموویان شەریکایەتیان لە نێوانیاندا هەیە.

6- هەروەها نموونەیەکی تری بەرزی توێژینەوەکە دەکاتە ٩٧% لەو باوەڕەدان بۆ باشکردنی سیستەمی تەندروستی پێویست دەکات بایەخ بە خواردنی تەندروست بدرێت.

7- نموونەکە بەڕێژەی ٩٤% دەڵێن خواردنی تەندروست بە پلەی یەکەم ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە کە نەهێڵێت خۆراکی ئێکسپایەر بە خەڵك بفروشرێت .

8- نموونەکە بە رێژەی ٨١% لەو باوەڕەدان کە هەستدەکەن پزیشکەکان زۆرتر وەك بازرگان کار دەکەن نەك وەك پیشەیەکی مرۆییانە.

9- سەبارەت بەوەی کە ئایا پزیشك پەیوەندی لەگەڵ دەرمانخانە، سۆنار و تاقیگە هەیە و نەخۆش ناچاردەکات سەردانی ئەوانە بکات کە ئەو دەیەوێت دەرکەوت ٧١% نمووونەکە لەگەڵ ئەوەدان.

10- ئەگەر سەیری هەموو رێژەکانی سەرەوە بکەین دەبینین هەموویان زۆر بەرزن و هیچ بوار بۆ گومان ناهێڵێتەوە کە هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان نە متمانەیان بە سیستەمی تەندروست هەیە و نە لە ئەدای ئەو سیستەمە رازین و هەم وەزارەت و هەمیش حکومەت بە گشتی بە کەمتەرخەم دەبینن لەو بارەوە.

## پێشنیاز و راسپاردە

توێژینەوە بۆ ئەوەی ئامانجی بە کردەیی بکرێت پەنا دەباتە بەر پێشکەشکردنی پێشنیاز و راسپاردە.

1- توێژەر پێشنیاز دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵبدات کەرتی تەندروستی باشتر رێکبخاتەوە، بۆ ئەوەی لە ئاستی چاوەڕوانی هاوڵاتییاندابێت و متمانەی ئەو کەرتە گرنگە بچێتەوە سەرەوە.

2 - وەزارەتی تەندروستی بایەخێکی زیاتر بە کۆنترۆڵی داو و دەرمان بدات، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی رێگە بگرن لە هاوردەکردنی کەرەستە خوراکییە ناتەندروستەکان.

3 - وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ چاودێرییەکی زیاتری رێستۆرانت و کارگە خوراکییەکان بکات.

4 - سەندیکاکانی پزیشکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی نرخی پشکنین، تاقیگەو داو دەرمانەکان کۆنترڵ بکەن و رێکبخەنەوە.

5 - وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و دەستەی دەستپاکی بەدوای میکانیزمێکدا بگەڕێن بۆ ئەوەی پزیشکەکان نەبن بە بەشێك لە بازرگانیکردن بە داودەرمان و تەندروستی هاوڵاتییان.

## لیستی سەرچاوەکان


1. الاخراس، محمد صفوح ( ١٩٨٣) مناهج البحث فی علم الاجتماع. دمشق: الطبعة الجدیدة.
2. اسلامی, پرستو & ,حسنی، سمیه. (2018). بررسی مطالعه مصرف رسانه ای (رادیو و تلویزیون) با اعتماد اجتماعی در مناطقی از شهر کرمانشاه .مطالعات مدیریت و حسابداری.38-29 ,(4)14 ,
3. ئەبراش، ئیبراهیم (٢٠١٣) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی. و. دیدار ئەبو زێد. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات . هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.
4. بحری‌پور & ,رستگارخالد. (2013). بررسی رابطه بین اعتماد اجتماعی و احساس امنیت اجتماعی (مطالعه موردی: شهرستان کاشان ,Quarterly of Sociological Studies of Youth, 10(4) . 9-26.
5. بن زیان، اِیمان و ریمة اُوشن (٢٠١٠) واقع اُداء النظام الصحي في الجزائر دراسة تحلیلیة https://economie.univ-batna.dz/images/articles/Article7.pd
6. بهشتی, سید صمد & ,کهنسال خوب. (2019). تبیین جامعه‌شناختی وضعیت اعتماد اجتماعی و عوامل مؤثر بر آنموردمطالعه: شهر دهدشت. پژوهش های جامعه شناسی معاصر (علمی-پژوهشی)، 8(14)، 261-282

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. پل اس. لوی و استنلی لمی شو (٢٠٠٤) نمونەگیری روشها و کاربردها. ترجمە گیتی مختاری امیر مجدی. چاپ دوم. پژوهشکده امار.
8. پیرداود، صابر (٢٠٠٧) گرنگرین هۆکارەکانی نەخۆشی. گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان. ژمارە ٢٩، هەولێر: زانکۆی سەلاحەددین.
9. توفیق ، خالید سعید (٢٠٠٩) هۆکارەکانی باردۆخی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان. گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان ، ژمارە ٤٢، هەولێر:زانکۆی سەلاحەددین.
10. توفیق ، هەورمان عەلی (٢٠١١) سیستەمی تەندروستی کاتەوەختی دەست لەکارکیشانەوەی وەزیری تەندروستی. کوردستان نێت. http://kurdistannet.org/2011/index.php?view=article&catid=348%3A2009-04-08-10-59-48&id=2138%3A2011-04-16-07-31E وەرمگرتووە لە رێکەوتی 2022/8/7
11. خالید، چواس (٢٠١٩) هۆکاری پەراوێزخستنی نەخۆش و متمانە نەمانی خەڵکە بە نەخۆشخانە گشتییەکانhttps://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=71088&Jor=9
12. خوشناو،عەونی (٢٠١٨) ئاسایشی خۆراك و تەندروستی لە مەترسیدایە. http://www.chra.tv/health-fitness/health-life/ئاسایشی-خۆراک-و-تە%E2%80%8Cندروستی-لە%E2%80%8C-مە%E2%80%8Cتر/وەرمگرتووە لە رێکەوتی 2022/8/10
13. دواس ، دی.ای (٢٠٠٥) پیمایش در تحقیقات اجتماعی. ت. هوشنگ نایبی. چاپ ششم. تهران: چاپ غزال.
14. رحاب، مختار (٢٠١٤) الصحة والمرض وعلاقتهما بالنسق الثقافي للمجتمع مقاربة من منظور الأنثروبولوجيا الطبية، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، عدد ١٥، ١٧٣-١٨٦.
15. رحاب، مختار (٢٠١٤) الصحة والمرض وعلاقتهما بالنسق الثقافي للمجتمع مقاربة من منظور الأنثروبولوجيا الطبية، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، عدد ١٥، ١٧٣-١٨٦.
16. رحاب، مختار (٢٠١٤) الصحة والمرض وعلاقتهما بالنسق الثقافي للمجتمع مقاربة من منظور الأنثروبولوجيا الطبية، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، عدد ١٥، ١٧٣-١٨٦.
17. الزیباری، طاهر حسو (٢٠١١). اسباب البحث العلمی فی علم الاجتماع. من منشورات مجد-االموسسة الجامعیة الدراسات و النشر التوزیع.بیروت.
18. سەمەد، مەریەم (٢٠١٤) سیستەمی تەندروستی کوردستان پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیوە. https://www.dengiamerika.com/a/2558523.html Dengi America وەرمگرتووە لە رێکەوتی 2019.10.15

19. سورچی، د.کەمال (٢٠١٢). پەرەپێدانی سیستەمی چاودێری تەندروستی لە کوردستان. رۆژنامەی خەبات. ژمارە ٤٠٥٦. لاپەرە٧. www.xebat.net
20. سیوەیلی،رێبوار (٢٠١٣) فەلسەفەی ئاکاری پزیشکی و مافەکانی نەخۆش، هەولێر: وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای زەریاب
21. طالب، مهدی (٢٠٠١ ). شیوەهای عملی مطالعات اجتماعی: روش تحقیق عملی. تهران: انتشارات دانشگاه تهران .
22. عبداللە، چنار سعد (٢٠٠٥) کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هوشیاری نەتەوەیی کورد دوای راپەرینی ١٩٩١. وەزارەتی رۆشنبیری. بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری هونەر. هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری.
23. عشور & ,العارم. (2019) .الخلفية السوسيوثقافية للطالب الجامعي وعلاقتها بمستوى الوعي الصحي دراسة ميدانية بقسم علم الاجتماع بجامعة المسيلة ,جامعة محمد بوضياف بالمسيلة كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.
24. عطومی، جودت عزت (١٨٣) اسباليت البحث العلمى مفاهيمه. ادواته طرقه احسائيه .عمان: دارالثقافه.
25. فرانکفۆرد،چاوا و نچمیاس، دیڤید (٢٠٠٢) روشهای پژوهش در علوم اجتماعی . ترجمه فاضل لاریجانی و رضا فاضلی. تهران: انتشارات سروش.
26. قادر، شەوکەت (٢٠١٩) نێچیرڤان بارزانی: سیستمی تەندروستی پێویستی بە پێداچونە و بودجەی زیاترە
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=69610&babet=1&relat=7140
27. مريزق، عدمان(2012). دراسة وصفية تحليلية لأداء النظام الصحي في الجزائر. مجلة العلوم الإنسانية، 8(14)، 45-60
28. معيدفر سعيد & ,جهانگيري پرويز(٢٠٠٩). اعتماد اجتماعي تعميم يافته و عوامل اجتماعي موثر بر آن: مطالعه موردي شهر اروميه. دانشنامة علوم اجتماعي دورة 1، شمارة 1، 47-67
29. المغربی، کامك محمد (٢٠٠٦) اساليب البحث العلمى فى العلوم الانسانية و الاجتماعية. .عمان: دارالثقافه.
30. مولایی, جابر, رنجبریان, سیدی, حسینی & ,سیدعلیاکبر. (2016). بررسي عوامل جامعه شناختي موثر بر ميزان اعتماد اجتماعي (مورد مطالعه: دانشجويان دختر دانشگاه پيام نور شهر آبدانان .(توسعه اجتماعی.122-105 ,(10)40 ,
31. نادری، عزت الله و نراقی، دکتر مریم سیف (٢٠٠٤) روشهای تحقیق و چگونگی ارزشیبابی ان در علوم انسانی. چاپ بیست و چهارم. تهران: دفتر تحقیقات و انتشارات بدر.

32. هزار جریبی ، جعفری (٢٠١٠) عومل موثر بر شکل گیری اعتماد اجتماعی. مورده مطاعه دانشجویان دانشگاه علامه طباطبایی و دانشگاه تهران.
33. همتی ، مجتبی و صادقیان، حمیدرضا و همکاران (٢٠١٣) بهداشت عمومی و عوامل تعیین کننده ان در هوزه عقوق عمومی. فصلنامه مطالعات حقوق بشر اسلامی. شماره پنجم. تهران: ایران.
34. هەمەوەند ، حەیدەر (٢٠١٩) فەرهەنگی کۆمەڵناسی . سلێمانی : ناوەندی سارا.

# Public Trust in Health Care System in the Kurdistan Region

**Sarena Braim Hussein**
Mediya department, Private Noble Institute, Erbil City, Kurdistan Region, Iraq.
sarinabraiem@gmail.com

**Akram Abduljabbar Abdullah**
Mediya department, Private Noble Institute, Erbil City, Kurdistan Region, Iraq.
akramabduljabarsocio@gmail.com

## Abstract
The study aims to understand and measure people's trust in health care system in the Kurdistan Region, and knowing which part or structure of the system has higher confidence than others. Furthermore, the research intends to discuss doctors' relationships with patients, pharmacies, laboratories and radiation. The author relies on online survey to collect data, and concluded that three-fourths of the sample, **75**%, believes that the health condition in the Kurdistan Region has never been that much bad. Also, a very high proportion believes that the health system always supports doctors against patients. In one hand, about **90**% of the example mentioned that the ministry of health does not do its job as necessary, and on the other hand, they believe that doctors are more likely to work as businessmen rather than human beings.

**Keyword**: *public trust, health, health system*.

-----------------------------------------------------------------

**الملخص:**

ان الهدف من هذه الدراسة هو قياس ثقة المواطنين بالنسق الصحي في إقليم كوردستان ، وان أي جزء من أجزاء هذا النظام أكثر ثقة من غيره من الوزارة والمستشفيات والمختبرات والاطباء وغيرهم من العاملين في هذا المجال. ويتم مناقشة العلاقة بين الأطباء والمرضى والعلاقة الأطباء مع الصيدليات والمختبرات والأشعة. استخدمت الباحثة المنهج الوصفي، واعتمدت على المسح عبر الإنترنت لجمع البيانات، وخلصت الدراسة إلى أن ثلاثة أرباع العينة (75٪) يعتقدون أن الوضع الصحي في إقليم كوردستان لم يكن بهذا الرداءة من قبل. كما تعتقد نسبة عالية جدًا من العينة أن النظام الصحي دائمًا ما يدعم مصالح الأطباء ضد المرضى، ويوافق حوالي 90٪ من العينة على أن وزارة الصحة لا تقوم بواجباتها بشكل صحيح، ويعتقد نسبة عالية جدًا أن الأطباء يعملون مثل رجال الأعمال لا كمهنة إنسانية.